کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 16:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خۆشم ئەوێیت... محەمەد شکاک

Shkak91@yahoo. com

باوەڕبکە خۆشم دەوێیت تا ئەو کاتەی ژیانم ماوە
خۆشەویستیت نانمە بەرگمە هەناسەمە هەردوو چاوە
گەرباوەڕناکەیت ها ئەو دڵم لە سینەم بۆ تی دەردێنم
کێ لە دڵتە دە پێَم بڵێ دار و بەردی دەسوتێنــم
خۆشەویستی تۆیە وای لێکردووم هەردەم مات و شەکەت بم
دەپێم بڵێ تاکەی من دەبێت غەرقــی خەم و خەفەت بم
لەتاوی ئیشقی ئاگرینی تۆ سوتاوم نەخۆشم داڕماوم
دە ڕەحمت بێ بە منی هەزار گلێنەی هەردوو چاوم
لەو کاتەوەی کە تۆم دیوە هەردەم لە بیرکردنەوە دام
ناچێتە خەو چاوەکانم هەردەم بە ئیشقی تۆوە شەیدام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.